سەرکی هەرەم و وەزیری بازرگانیی عێراق باسیان لە چێنییەتی ڕخساندنی دۆرفەتی زیاتری بازرگانی لەگەڵ ئێران کرد



ئەمڕۆ سێشەممە 2024/5/7 نێچیرڤان بارزانی، لە دیدارێکدا لەگەڵ ئەسیر داوود ئەلغورەری، وەزیری بازرگانیی عێراقی فیدراڵی کە ئێستا بە سەردانێک لە تارانە، پەیوەندی و ئاستی جووڵەی بازرگانیی عێراق و هەرێمی کوردستانیان لەگەڵ کەماری ئیسلامیی ئێران تاوتوێ کرد.

هەردوولا بیروڕایان دەربارەی بوارەکانی بازرگانی و چالاکیی ئابووریی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا و چێنیەتیی ڕەخساندنی دەرفەت و زەمینەی باشتری بازرگانی و نەهێشتنی بەربەستەکانی بەردەمی گۆڕیەوە.

لەمبارەیەوە جەختیان لە گرنگیی فراوانکردنی کەرتی بازرگانیی نێوانیان کردەوە کە کاریگەریی ئەرێنی بەسەر بووژانەوەی ئابووریی هەردوولادا دەبێت.